# ململانێی "پیرۆز"؛

## دەسەڵاتی مەرجەعییەت و گرژییە نێو خۆییەکانی شیعە لە عێراق

زریان رۆژهەڵاتی



Research Center

# پووختە

لە دوای رووخانی رژێمی بەعس لە عێراق، ململانێیەکی ئاشکرا و شاراوەی نێوان هێزە شیعییەکان لەسەر ئەو دەسەڵاتدارییەی کە لەدوای 2003وە دروستبووە کاریگەری لەسەر رووداوەکانی ئەم وڵاتە داناوە. ئەو ململانێیە کە لە شێوەی گرژی، تەنانەت پێکدادان و گۆڕینی هاوپەیمانییەوە دەرکەوتووە، کاریگەرییەکی راستەوانەی لەسەر دۆخی سیاسی و ئاسایشی عێراق هەبووە. گرژییەکان لەماوەی زیاترلە دوو دەیەی رابردوودا بەردەوام تەشەنەی کردووە. هەر لە هەواڵە دژیەکەکانی سەبارەت بە گەمارۆدانی ماڵی ئایەتوڵڵا سیستانی لە ساڵی 2003دا و پێکدادانی نێوان لایەنگرانی سەدر و چوارچێوەی هاوئاهەنگی لە 2022شدا لە نموونە دیارەکانی ئەو گرژیانەن. هەرچەندە دوای گرژییەکانی ساڵی(2022) لەسەر پێکهێنانی حکومەت، کشانەوەی لەناکاوی موقتەدا سەدر لە پرۆسەی سیاسی و دواتر بێدەنگییە لەناکاوەکەی لە هەوڵەکانی چوارچێوەی هاوئاهەنگی رێگای بۆ هێوربوونەوەی گرژییە نێوخۆییەکانی شیعە کردەوە، بەڵام ئەمە لە ئارامیی پێش رەشەبا دەچێت و بەهۆی رکابەرییە نێوخۆییەکانی شیعە، هاتنی نەوەیەکی نوێی سەرکردایەتی و لە هەمووشی گرنگتر بەهۆی کەمبوونەوەی کاریگەریی مەرجەعییەتی دینی لە چاو ساڵانی رابردوو، ئەستەم نییە پێشبینی ئەوە بکەین کە ئەو گرژیانە دووبارە سەرهەڵبدەنەوە. بەو پێیەی کە شیعەکان بە کردەوە، هێزی زاڵی سیاسەتی عێراقن، تێگەیشتن لە سروشتی ناکۆکییەکانیان بایەخێکی زۆری هەیە. ئەم بابەتە تیشک دەخاتە سەر هێڵە سەرەکییەکانی ململانێی نوخبەی دینی ـسیاسی شیعە لە عێراق و وای دادەنێت کە لەدوای 2018وە لاوازبوونی پێگەی دوو جەمسەری سەرەکی دەسەڵاتی دینی شیعە(نەجەف- قوم) رێگای بۆ زیاتربوونی گرژییە نێوخۆییەکانی نوخبەی شیعی خۆشکردووە و پێدەچێت لە ساڵانی داهاتووشدا بەردەوام بێت.

# پێشەکی

لە ماوەی زیاتر لە چوار دەیەی رابردوودا، دوو رووداوی گرنگ رێگەیان بۆ گەشەکردنی شیعەگەرایی سیاسی کردۆتەوە: یەکێکیان شۆڕشی 1979ی ئێران لە سەروبەندی جەنگی سارد و، ئەوی دیکەیشیان جەنگی 2003ی عێراق بوو کە لەسەردەمی لوتکەی هێزداری ئەمریکا لە جیهان روویدا. ئێستا نەزمی جیهان خەریکە بەرەو گۆڕانێك دەچێت. چین وەک رکابەرێکی بەهێزی ئەمریکا دەرکەوتووە وچەندین هێزی وەک رووسیا، کۆریای باکوور و ئێران تەگەرە بۆ نەزمی جیهانی بە پێشەنگایەتی ئەمریکا درووست دەکەن. خواستی ئەمریکا بۆ گرنگیدانی زیاتر بە ململانێی هێزە گەورەکان و کەمکردنەوەی بایەخدانی بە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست، لە ماوەی زیاتر لە یەک دەیەی رابردوودا رێگای بۆ شکڵگرتنی هاوپەیمانی نوێ، کێبڕکێی چەکەمەنی لە سیاسەتی دەرەوەی گەلێک وڵاتی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست کردۆتەوە. دیارترینیان رێککەوتنی ئابراهام یان نزیکبوونەوەی وڵاتانی کەنداو لە چین و رووسیا، یان رێککەوتنی 25 ساڵەی ئێران و چین و...تاد. پاڵنەری سەرەکی ئەو رەفتارەی سیاسەتی دەرەوە، پاراستنی رژێمی سیاسییە کە دەکرێ بە هۆی گۆڕانی نەزمی جیهانەوە ئەولەویەتی زیاتری بۆ کاربەدەستانی وڵاتانی ناوچەکە پەیدا کردبێت. هەڵبەت رەهەندێکی دیکەی ئەو وەرچەرخانەی کە خەریکە لە ناوچەکە روودەدات، باردۆخی ناوخۆیە کە بەهۆی گەلێک هۆکاری وەک پێشکەوتنەکانی تەکنەلۆژیای پەیوەندی، گەشەکردنی دانیشتوان و...تاد، لە گۆڕانێکدایە. هەروەها، بە پێچەوانەی سەردەمی شەڕی سارد کە ئایدۆلۆژیا و دین لەگەڵ سەرکردە کاریزماتیکەکان سیاسەتی وڵاتانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستیان ئاراستە دەکرد، ئەمڕۆ رەنگی ئایدۆلۆژیاکان کەمتر بووە و ناکۆکی لە نێو نوخبەی دەسەڵاتدار لە گەلێک شوێنی ناوچەکە دەبیندرێت.

هاوشانی ئەو گۆڕانە گشتییەی کە لە جیهان و لەناوچەکەدا لە ئارادایە، دۆخی سیاسەتی شیعی لە عێراق و ناوچەکەش لە وەرچەرخانێکدایە. لە ساڵانی رابردوودا بە تایبەتی لە 2018 بەدواوە، شەپۆلێکی بەهێزی نارەزایی جەماوەری لە دژی دەسەڵاتدارانی شیعی لە ئێران، عێراق و تەنانەت لوبنانیش هەڵیکرد. بێجگە لەوەش، ناکۆکیی نێوخۆیی نوخبەی دەسەڵاتداری شیعی بوو بە دیمەنێکی دیاری سیاسەتی ناوچەکە. ناکۆکیی نێوان ریفۆرمیست و موحافزەکارەکان لە ئێران، هەروەها ناکۆکیی نێوان سەدرییەکان و گرووپە شیعییەکانی دیکەی عێراق لە رێزی گرنگترین گرژییە ناوخۆییەکانی شیعین لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست.

رکابەری نێوان حەوزەی نەجەف و حەوزەی قوم، رکابەری سەدر لەگەڵ گرووپە شیعییەکانی دیکە. ئینجا هەر لە ئایەتوڵڵا سیستانییەوە بگرە هەتاوەکو گرووپەکانی لایەنگری ئێران کە مەرجەعییەتی عەلی خامنەیی قبوڵ دەکەن. هەروەها، هەوڵەکانی عەممار حەکیم بۆ زیندووکردنەوەی پێگەی بنەماڵەکەی لە گرنگترین رکابەرییە نێوخۆییەکانی نوخبەی شیعین لەسەر رۆڵ و دەسەڵاتی دینی- سیاسی. هاوشانی ئەوەش، ململانێی هێزە شیعییەکان لەسەر بەشکردنی دەسەڵاتی سیاسی وەک لە نموونەی دوای هەڵبژاردنی ئۆکتۆبەری 2021دا دووبارە بووەوە و هەتا ئاستی پێکدادانی چەکداریش رۆیشت، وەک بەشێکی بەرچاوی دیمەنی سیاسی عێراقی لێهاتووە.

بێجگە لە رکابەریی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی هەردوو حەوزەی قوم و نەجەف، پێگە و ئاستی هێزدارییەکەی ئەوانیش وەك فاکتەرێکی دیکە کاریگەری لەسەر جۆری ململانێی نێوخۆیی شیعەکان داناوە. ئایەتوڵڵا سیستانی تاوەکوو 2018، لە عێراق رۆڵێکی یەکلاکەرەوەی هەبوو، بەڵام لە دوای 2018وە ئیدی وەك فاکتەرێکی یەکلاکەرەوە نەما هەتا ئەو کاتەی کە ململانێی سەدر و چوارچێوەی هاوئاهەنگی شیعە گەیشتنە ئاستی پێکدادانی چەکداری. بەهۆی رۆڵی لە باڵانسی هێزداری ناخۆیی شیعە، لایەنەکان ناچاربوون داواکەی سیستانی بۆ راگرتنی شەڕ قبوڵ بکەن. ئەمە لەکاتێکدا بوو کە پێشتر لە بابەتی خۆپیشاندانەکاندا، گوێ لە داوکانی ئەو سەبارەت  بە خۆپیشاندان و نەکوشتنی خۆپیشاندەرانیش نەگیرابوو. بە هەمانشێوە رۆڵی رابەری ئێرانیش لە عێراق، بە تایبەتی لەدوای کوژرانی قاسم سولەیمانی وەك جاران نەما و، کەمبوونی توانای ئێران بۆ قەناعەتپێکردنی موقتەدا سەدر لە ساڵی 2022 بۆ رێککەوتن لەگەڵ چوارچێوەی هاوئاهەنگی، یەکێك لە نیشانەکانی ئەوە بوو. هەڵبەت دواجار سەدر بە لەونێك رازیبوو کە حکومەت پێکەوە بنرێت و دەکرێ فاکتەری خۆپیشاندانەکانی 2022ی ئێران کاریگەر بووبێت لەوەی کە سەدر رێگە بە چوارچێوەی هاوئاهەنگی بدات تا حکومەت پێکەوە بنێت. چونکە دواجار سەدریش هاوشێوەی پیاوانی ئایینی ئێران، سەر بە هەمان ئەو رەوتە فیکرییەیە کە خوازیاری دەستوەردانی راستەوخۆی پیاوانی ئایینییە لە سیاسەت، تەنانەت ئەگەر سەبارەت بە بەرژەوەندییەکانی جیاواز لە بەرپرسانی تارانیش بیربکاتەوە. ئەگەری رووخانی دەسەڵاتی دینیی لە ئێران دەتوانێت کاریگەری لەسەر کەمکردنی رۆڵی پیاوانی ئایینی شیعە لە ناوچەکەش دابنێت و ئەمەش دوایین شتێکە کە مەلایەکی تازە پێگەیشتوو (سەدر) خوازیاری بێت تەنانەت ئەگەر دەسەڵاتی زۆری پیاوانی ئایینی لە ئێرانیش لە عێراق بە هەڕەشەیەک بۆ خۆیشی بزانێت.

# پاشخان

هەردوو پرەنسیپی "ئیمامەت" و "غەیبەت" سەرچاوەی بەهێزن بۆ شیعیزمی سیاسی. بڕواکردن بەوەی کۆمەڵگەی ئیسلامی پێویستی بە کەسێکی موجتەهید هەیە تاوەکو بنەما ئایینییەکانی بۆ روون بکاتەوە، جۆرێک لە بڕواهێنانە بەوەی کەسێک لە سەربنەمای ئایینی سەرکردایەتی کۆمەڵگا بکات. لە مەزهەبی شیعەی 12 ئیمامیدا کە زۆرترین لایەنگری لە نێو شیعەکانی جیهان هەیە، باوەڕێکی دیکەش ئەوەیە کە ئیمامی دوانزەیەم کە لە دەورانی "غەیبەت" دایە و، رۆژێک نەزمی ئیسلامی لە جیهان زاڵ دەکات. لە حەوزەی نەجەفدا ئەو بیرکردنەوانە لە شێوەی مەرجەعی باڵا گەشەیانکردووە و، لە ئێران و حەوزەی قومیش وەک بیرۆکەی ویلایەتی فەقێ لایەنگری هەیە. هەردوو حەوزەی قوم و نەجەفیش خاڵێکی هاوبەشیان سەبارەت بە بڵاوکردنەوەی شیعە لە جیهان هەیە. حەوزەی قوم زیاتر لایەنگری "هەناردەکردنی شۆڕشە" بۆ دەرەوە و لە چوارچێوەی زانکۆی ئایینی، نوێنەرایەتی دینی و هەوڵی سیاسی و سەربازی بۆ ئەوە کار دەکات. حەوزەی نەجەفیش بە شێوەیەکی هێمنانەتر و لە چوارچێوەی حەوزە و نوێنەرایەتیی مەرجەعەکاندا ئەو کارە دەکات.

بەشێوەیەکی گشتی سێ دیدگای جیاواز سەبارەت بە پەیوەندی نوخبەی ئایینی شیعە و سیاسەت لە گۆڕێدایە. یەکەمیان پێیوایە کە دوو دەستەییەکی وەک دووره پەرێز- ئەکتیڤیست (quietism-activism) لە ئارادایە . بەو واتایەی کە دو رەوتی فیکری لەنێو پیاوانی ئایینی شیعەدا سەبارەت بەجۆری تیکەڵاوبوونیان لەگەڵ سیاسەت و دەسەڵات هەیە و، دەستەیەکیان کە بە دوورەپەرێزەکان دەناسرێن و کەسانی وەك ئایەتوڵڵا ئەبولقاسم خوئی و ئایەتوڵڵا عەلی سیستانی لە خۆ دەگرێت، ئەوانەن کە نایانەوێ تێکەڵاوی سیاسەت بن.

ئەمەش زیاتر لە کەسایەتی حەوزەی نەجەف دا کاراکتەریزە بووە. لەبەرامبەر ئەوەشدا، ڕەوتێکی دیکەش هەیە کە نایانەوێ بە بێدەنگی بمێننەوە و بە ئاکتیڤیستەکان دەناسرێن. نموونەی ئەمەش کەسانی وەك محەمەد باقری سەدر، خومەینی و ڕابەری ئێستای ئێرانن کە جەخت لە پێویستی دەستوەردانی ڕاستەوخۆ لە سیاسەت و کاروباری بەڕێوەبردنی وڵات دەکەن و ئەمەش ئەمڕۆ لەلایەن حەوزەی قومەوە لە ئێران پێشەنگایەتی دەکرێت کە بەرگری لە تیۆری ویلایەتی فەقێ دەکات. دیدگای دووەم جەخت لە هەبوونی دەستوەردانێکی سنوورداری نوخبەی ئایینی شیعە لە سیاسەت دەکات و دیدگای سێیەمیش دابەشکاری ئاکتیڤیزم- کویتیزم ڕەتدەکاتەوە پێیوایە کە هەرکاتێک دەرفەت ڕەخسابێت، پیاوانی ئایینی دەستیان لە سیسەت وەرداوە. ئەم دیدگایە بە لەبەرچاوگرتنی ئەزموونی مێژوویی و پراکتیکی زیاتر لە دوو دەیەی ڕابردوو لە عێراق، پێیوایە کە تەنانەت ئایەتوڵڵا سیستانیش مەیلی دەستوەردانی لە سیاسەت هەبووە. ئایەتوڵڵا سیستانی هەر لە بابەتی دەستووری عێراقەوە بگرە هەتاوەکوو دەستنیشانکردنی سەرۆکوەزیرەکان و چەندین بابەتی دیکە، ڕۆڵێکی گرنگی لە سیاسەتی عیراقیدا گێڕاوە. ڕەوتیکی شیرازییەکانیش کە زیاتر لە حەوزەی کەربەلان، بەجۆریك بڕوایان بە دەستوەردان لە سیاسەت هەیە، بەڵام پێچەوانەی لایەنگرانی تیوری ویلایەت فەقێ، لە جیاتی یەك مەلا، بڕوایان بە پێویستی هەبوونی دەستەیەك هەیە بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری وڵات. هەڵبەت بەشێوەیەکی گشتی کاریگەرییەکی ئەوان بەسەر سیاسەتی عێراقەوە، هاوشێوەی کاریگەری حەوزەکانی نەجەف و قوم نییە.

بەهەمان شێوە و بەشێوەیەکی گشتی، دەکرێ باسی سێ دیدگای سەرەکی بۆ ڕوونکردنەوەی ڕۆڵی نوخبەی سیاسی وڵاتان لە ململانێ و گرژییەکان بکرێت: یەکیان لەسەر بنەمای "دەرفەتی سیاسی" هەوڵدەدات ئەو گرژییانە ررونبکاتەوە کە لە نێوان نوخبەی وڵاتان دا ڕوودەدەن. هەڵبەت ئەمە بڕوای بە دایناميک بوونی پێگەی نوخبە هەیە و جەخت لەوە دەکاتەوە کە لە کاتی گۆڕانکارییەکان دا، کاتێک دەرفەتەکانی جێگۆڕکێی نوخبەی دەسەڵاتدار پەیدا دەبن، ئەگەری بەریککەوتن و پێکدادانی نوخبە زیاتر دەبێت. ڕوانگەی دووەم، ئەوەیە کە ململانێ و پێکدادانی نێوان-نوخبە بە توانستی دەوڵەت ڕووندەکاتەوە. بەو واتایەی کە هەرکاتێک ڕژێمی سیاسی گۆڕا یان لاواز بوو، ململانێ و بەریەککەوتنی نوخبەی سیاسی زیاتر دەبێت.هەڵبەت ئەم دیدگایە کە ڕۆڵێکی ناوەندی بە دەوڵەت داوە، ڕەخنەی ئەوەی لێ گیراوە کە لەگەڵ پرۆسەی بنیاتنانی دەوڵەت لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا ناگونجێت. چوونکە لێرە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست سنوورەکانی دەسەڵاتی فەرمی و نافەرمی زۆر ڕوون نین و، چەندین بازنەی جیاجیای دەسەڵات لە ئارادایە کە کاریگەری لەسەر دەسەڵات و سیاسەت دادەنێت. لە کاتێکدا کە ڕوانگەی کلاسیکی بۆ نوخبەی دەسەڵاتدار، وەک چینێکی یەکدەست و ئۆتۆنۆم باسی نوخبە دەکات کە بە هۆی بیرۆکراسی و دابەشبوونی کارەوە پەیدا بوون دیدگایەکی دیکە یەکدەستیی نێوخۆیی نوخبە ڕەتدەکەنەوە (س.پ). هەروەها، بەگوێرەی ڤۆڵکەر نوخبەی سیاسی ئەوانەن کە بڕیاری ستراتیژی لە ئاستی نیشتمانی دەدات یان تێیدا بەشدار دەبێت. ئا لێرەوە ئەگەر پێوەرەکە بەشداری لە بڕیاری ستراتیژی بێت لە سەرئاستی نیشتمانی، ئەوسا دەکرێ نوخبەی دینی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیش، لانیکەم لە وڵاتانی وەک عێراق و ئێران سیاسی بن.

چونکە هەندێکیان سەرەڕای نەبوونی پۆستێکی فەرمی رۆڵی کارایان لە بڕیاری سیاسی وڵاتەکانیاندا هەیە. مەهدی خەلەجی چەند نموونەی وەك شۆڕشی توتن لە ئێران (1815)، شۆڕشی مەشروتەی ئێران(1905-1911) و شۆڕشی 1920ی عێراق وەك چەند نمونەیەکی مێژوویی لە رۆڵی نوخەبی دینی شیعە لە پرسە سیاسییەکاندا باس دەکات.

روانگەی سێیەم جەخت لە رۆڵی دین لە گرژی و ناکۆکییەکاندا دەکات. رووداوی 11ی سێپتەمبەری 2001، سەرنجی راکێشایەوە سەر رۆڵی"دین" و"ئایدیا" لە پەیوەندییە نیودەوڵەتییەکان و پرسەکانی ئاسایش. لە نموونەی عێراقیشدا دەرکەوتنی داعش، هەروەها کاریگەری هێزە میلیشاکانی شیعە لەسەر سیاسەتی عێراق بە دیارترین نموونەکانی کاریگەری دین لەسەر سیاسەتی نێوخۆیی و دەرەکی هەژمار دەکرێن. دین دەتوانێت پێکدادانەکان کەم یان زیاد بکات، کاریگەری لەسەر بەهاکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و دامەزراوەکان دابنێت و تەنانەت کاریگەری لەسەر سیاسەتی دەرەوەی وڵاتیش دابنێت. بەشێوەیەکی مێژوویی دین رۆڵێکی بەرچاوی لە زۆرێك لە رکابەرییە سیاسی و پێکدادانەکانی دنیا گێڕاوە. لە رۆژئاوا، ئەم رۆڵە لەگەڵ هاتنی نەزمی ڤێستڤالیایی و دەرکەوتنی دەوڵەتی مۆدێرنی نوێ بەهۆی دوو پرۆسەی گرنگی مۆدێرنیزەیشن و سیکۆلاریزەیشنەوە کەمتربوو. هەڵبەت ئەو پێشبینییەی تیۆرییەکانی مۆدیرنیزەیشن بۆ ئەوەی گۆڕانی کۆمەڵگاکان بەرەو کۆمەڵگای ئاڵۆز، لەڕێی سیکۆلاریزەبوون، عەقڵانی بوون و فەرمی بوونی دامەزاروەکانەوە رووبدات، بۆ هەموو دنیا وەك یەك نەبوو. هەڵبەت نەک تەنیا رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەڵکوو لە هەموو جیهانش بە جۆرێك کاریگەری دین لەسەر سیاسەت بەدیدەکرێت.

دین دەتوانێت ڕۆڵی لە کەمکردنی ناکۆکییەکاندا هەبێت و دەشتوانێت ڕۆڵی لە زیادکرنی گرژی و ناکۆکییەکانیشدا هەبێت بە تایبەتی ئەو کاتانەی کە دەبێتە بەشێک لە تێگەیشتنی ناکۆکی و گرژییەکانی لەسەر بنیات دەنرێت. ئەم دیدگایە ڕۆڵی دین لە گرژی و ناکۆکییەکاندا، بە توانای دینی لە گلێرکردنەوەی جەماوەر دەبەستێتەوە و جەخت لەوە دەکات کە خەڵك تەنیا لەبەر هۆکارە بابەتییەکانی نارەزایی، پاڵپشتی لە کردەوەی توندوتیژ ناکەن بەڵکوو، تێگەیشتن و شێوازی بیرکردنەوەکانیش لەوەدا ڕۆڵیان هەیە و ئەوەش بە زۆری لە لایەن نوخبەی دینییەوە ئاراستە دەکرێت. ناسنامەی ئایینی، ئایدیا و ڕێکخستن، سێ ڕەهەندی سەرەکی دینن کە لە مەزهەبی شیعەدا بەهۆی چەمکی مەرجەعییەتەوە لە لایەن نوخبەی دینییەوە ئاراستە دەکرێن. نوخبەی دینی یان لە بەرئەوەی کە پێوایە بۆچوونە دینییەکەی ڕاستە، یان لەبەر بەرژەوەندی، هەوڵی زیادکردنی نفوز و دەسەڵاتی خۆیان دەدەن. گەلێک نموونەی توندوتیژی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست هەن کە دەریدەخەن چۆنچۆنی تێگەیشتنێکی دینی دیاریکراو ڕێگای بۆ توندوتیژی کردۆتەوە کە بێگومان هەمووی بە بەرژەوەندی ڕوون ناکرێتەوە. هەڵبەت بەرژەوەندی شەخسی نوخبەش وەک بابەتێکی گرنگ هەژمارکراوە. دیدگایەکی دیکەش، ناکۆکی نێوخۆیی نوخبەی شیعی لە عێراق بە سێ فاکتەری لاوازی سەرکردایەتی شیعی، لاچوونی قۆناخ بە قۆناخی دوژمنی هاوبەش و خواستی ئێران بۆ پەرتکردنی شیعەی ئەو وڵاتە دەبەستێتەوە کە پێیوایە سوودی بۆ تاران هەیە.

سەبارەت بە کاریگەری مەرجەعییەتەکان لەسەر سیاسەتی عێراق، هەریەک لە مەعموری و خەلەجی باسیان لە رکابەری نێوخۆیی شیعەیان کردووە. بە تایبەتی ئەو رکابەرییەی کە لەنێوان هەر دوو حەوزەی قوم و نەجەف دا هەیە. لێکۆڵینەوەی زیادیش هەن سەبارەت بە کاریگەری ئایەتوڵڵا سیستانی لەسەر پرۆسەی سیاسی عێراق. ئەلقراوی جەخت لەوە دەکات کە پێگەی نافەرمی سیستانی بە کردە وبە یاسا لە عێراق فەرمی بووە. لێکۆڵینەوەی زۆریش سەبارەت بە کاریگەری ئێران و مەرجەعییەتی دەوڵەتیی تاران لەسەر سیاسەتی عێراق لە ئارادایە.لێکۆڵینەوەیەك، لە روانگەی تیۆری "پیاوی گەورە"وە تیشکی خستۆتە سەر ئەو تەگەرانەی کە موقتەدا سەدر بۆ دەسەڵاتی سیستانی و ئێران دروستی کردوون. هەروەها یەکێکی دیکە، لەرێی باسی ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی عێراقەوە، باسەکانی پەیوەست بە رکابەری نێوخۆی شیعە و رۆڵی بنەماڵەی حەکیمی خستووەتە بەر باس. ئەم بابەتەش لە سروشتی ناکۆکییە نێوخۆییەکانی شیعە لە عێراق دەکۆڵێتەوەو رەهەندە جیاوازەکانی دەخاتە بەرباس.

# چوارچێوەی تیۆری

ناکۆکی و ململانێی نێوخۆیی شیعە دابڕاو نییە لەو گۆڕانە گشتییەی کە لە نەزمی جیهانی و ناوچەکەدا خەریکە ڕوودەدات. جەنگی سارد و دواتریش هەژمونی ئەمریکا لە جیهان، دەرفەتی گەشەکردنی شیعیزمی سیاسییان زیاترکرد. ئەمەش بە هۆی شۆڕشی 1979ی ئێران و جەنگی 2003ی عێراق. ئێستاش جیهان بە قۆناخێکی گوزەردا دەڕوات. نەزمی ناوچەکەش لە گۆڕاندایە کە کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر سیاسەتی شیعە هەیە. لەلایەکی دیکەوە، جۆزێف نای لە وەرگۆڕانی هێز باسی ڕۆڵی ڕوو لە زیادبووی ئەکتەرە نادەوڵەتییەکان لە سیاسەت دەکات. ئەمەش دەتوانێت دەرچەیەک بکاتەوە بۆ تێگەیشتن لە ڕۆڵی نوخبەی دینی لە سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست. دین دەتوانێت شکڵ بە ئەکتەرێکی دەوڵەتی بدات و نوخبەی دینی، لە نموونەی ئێراندا لە فۆرمی سەرۆک و کاربەدەستی دەوڵەت دەردەکەوێت، بە شێوەی گشتی دەتوانێت لە چوارچێوەی ئەکتەری نادەوڵەتیدا بەسێ شێوەی" تاك، بزووتنەوە و دامەزراوەکان" ڕۆڵ بگێڕێت. بۆ نموونە ئەو ڕۆڵەی کە ئایەتوڵڵا سیستانی لە عێراق دەیگێڕێت ڕۆڵێکی سیاسییە بە بێ ئەوەی کە ناوی لێ بنرێت یان پۆستێکی سیاسی هەبێت.

نەریتی دینی شیعە لەسەر بنەمای ڕێبەرایەتیکردنی کەسانیکی نموونەیی کە لە تەقوا و زانایییەوە ڕەوایی خۆیان وەردەگرن، ڕێگا خۆش دەکات بۆ ئەوەی کە لە مەزهەبی شیعەدا، ڕۆڵی تاك بەرجەستە بێت. بۆیە لێرەدا تیۆری "پیاوی گەورە" کە دەسەڵاتەکەی لە پێگە کۆمەڵایەتییەکەوە دێت، دەتوانێت سوودبەخش بێت. نوخبەی دینی لەڕێگای شیکردنەوەی بنەما نەگۆڕەکانی دین بۆ خەڵك و لایەنگرەکانیان دەتوانن کاریگەری لەسەر گرژی و پێکدادانەکان دابنێن، هەرچەند ئەمە دەتوانێت بە دوو شێوازی زیادکردن یان کەمکردنەوەی ناکۆکیی پێکدادانەکان بێت. ئا لێرەدا بە پلەی یەکەم ڕۆڵی هەریەك لە عەلی سیستانی و عەلی خامنەیی و هەردوو بنەماڵەی سەدر و حەکیم لەسەر سیاسەتی شیعی لە عێراق لە پێش چاواندایە. لێرەدا، سێ جۆر دەسەڵاتی سەرەکی دینی شیعی لە عێراق بە دیدەکرێت: 1.دەسەڵاتی خودبنیات( لەسەر بنەمای هەڵی شەخسی بنیاتنرابێت، وەک سیستانی) 2. دەسەڵاتی دینیی دەوڵەت-بنیات( خامنەیی) و3. دەسەڵاتی دینیی میراتی(سەدر و حەکیم).

هەوڵدان بۆ زیادکردنی هەژموون و دەسەڵاتی دینی هۆکارێکی سەرەکی ڕکابەری و ناکۆکییە نێوخۆییەکانی شیعەن. نموونەی مێژوویی زۆر هەن کە دەیسەلمێنن کەوا جیاوازییەکان لەسەر دیدگای دینی و لەسەر بەرژەوەندی، ئاراستەی بەو ڕکابەری و ململانێیانە داوە. ناکۆکییەکان تەنیا لەسەر بابەتی ئایینی نین و هەموو ئەکتەرە سەرەکییە دینییەکانی شیعە تەنانەت بە ئایەتوڵڵا سیستانیشەوە چالاکی سیاسی، سەربازی و ئابووریيان هەیە.

ئەم بابەتە جەخت لەسەر رۆڵی نوخبە، واتا مەرجەعییەتی دینی لە گرژی و ناکۆکییە ناوخۆییەکانی شیعەدا دەکات لە عێراق. پێیوایە کە سەرەڕای ئەوەی چەندیدن فاکتەری سیاسی و کۆمەڵایەتی جیاواز کاریگەرییەکان لەسەر زیادبوونی گرژییە نیوخۆییەکانی شیعە هەبێت، فاکتەری گرنگ و یەکلاکەرەوە پەیوەندی بە رکابەرییەکانی مەرجەعییەتەوە هەیە. زۆرێک لە لێکۆڵینەوەکانی پێشوو جەختیان لە رکابەری لەسەر زیادکردنی دەسەڵات و هەژموون ، وەک فاکتەری سەرەکی ململانێکان کردۆتەوە و، گریمانەی ئەم بابەتەش ئەوەیە کە لاوازی مەرجەعییەتە باڵاکان، بەتایبەت لە دوای 2018وە، هۆکاری سەرەکی زیاتربوونی گرژییە نێوخۆییەکانی شیعەن.

# نوخبەی شیعی و ڕکابەریی هەژموونیک

لەدوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس، ڕکابەری نێوان گرووپە جیاوازەکانی شیعە لەسەر سەرکردایەتی، تەنیا ڕوویەکی ئایدۆلۆژی و سیاسی نەبووە، بەڵکوو ڕەهەندێکی ئەمنی و سەربازیشی وەرگرتووە. بە نزیکەیی هەموو گرووپە سەرەکییەکانی شیعە هێزی چەکداریان هەیە و، لە دوای شەڕی داعشیش، ئەو ڕەهەندەی ڕکابەری نێوخۆیی شیعە بە هێزتر بووە. دەیان گرووپی چەکدار لەژێر ناوی جیاجیا بە ناوی حەشدی شەعبی خۆیان ڕێکخستووە کە بە سەر سێ گرووپی سەرەکی حەشدی عەتەباتی سەر بە سیستانی، حەشدی وەلائی و سەرایا سەلامی سەر بە موقتەدا سەدر دابەش دەکرێن. بەو پێیەی کە لە تەنیشت هەوڵە سیاسی و ئایدۆلۆژییەکان بۆ زیادکردنی دەسەڵات و نفوز، فاکتەری بەکارهێنانی هێز و توانای چەکداریش لە ڕکابەری نێوخۆیی شیعەدا گەشەیکردووە، دەتوانین ئەو ڕکابەرییە بە ڕکابەرییەکی هەژمونیک ناو بەرین. بەگشتی دەتوانین بڵێین، لە قۆناخی سەرەتایی دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس هەتاوەکوو ساڵی 2018، سەرەڕای هەبوونی  ڕکابەرییەکی بەهێزی نێوخویی، پێکدادانی چەکداری گرووپە شیعییەکان زیاتر ڕوویەکی دەرەکی هەبووە. ڕۆڵی سوپای مەهدی لە شەڕی تایفی لە عێراق بە پاساوی شەڕی دژی وەهابییەت، شەڕی دژی داعش و گوتاری دژە ئەمریکی خاڵی هاوبەشی زۆربەی گرووپە شیعییەکان بوو. سەدر و گرووپەکانی نزیک لە ئێران ئەمریکایان بە داگیرکەر دەزانی و تەنانەت ئایەتوڵڵا سیستانی بە هەمان هۆکار ڕاستەوخۆ دیداری لە گەڵ بەرپرسانی ئەو وڵاتە نەدەکرد. خاڵی جیاواز لەو قۆناخەدا ڕەفتاری بنەماڵەی حەکیم بوو. ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی کە لە ژێر دەسەڵاتی بنەماڵەی حەکیمدا بوو، دوای گەڕانەوە لە ئێران لە ساڵی پاشگری شۆڕشی لە خۆی کردەوە و بوو بە ئەنجومەنی باڵای  ئیسلامی عێراق. حەکیم بۆ خۆی سەردانی ئەمریکای کرد و لە ئاستی نێوخۆشدا وەك بەرگریکاری فیدراڵیی ناوچەکانی باشووری عێراق دەردەدەکەوت وهەوڵیدەدا دیمەنێکی جیاواز لە شیعەکانی دیکە پیشانبدا ت. هەموو ئەو ڕەفتارانەی ئەکتەرە شیعییەکان هەر هۆکارێکی دەرەکیی هەبێت، دەکرێ ڕەهەندێکی بەهێزی ڕکابەری نێوخۆیشی لەگەڵدا بێت.

بنەماڵەی حەکیم زیاتر خۆی لە سیستانی نزیککردەوەو، ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی لە 2007دا ئایەتوڵڵا سیستانیی وەك مەرجەعی خۆی دەستنیشانکرد، ئەویش لە کاتێکدا کە ساڵانیك لەوەوبەر لە ئێران دامەزرابوو. بە پێچەوانەی ئەو، لەوکاتانەدا نێوانی سەدر لەگەڵ سیستانی باش نەبوو. ئەو رەفتارانەی ماڵی حەکیم بوونە هۆی زیادبوونی نارەزایی گرووپ و کەسە پرۆ-ئێرانییەکانی ناو ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی. رێکخراوی بەدر وەک باڵی سەربازی ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی، لە ساڵی 2007دا بەشێوەیەکی نافەرمی لەو رێکخراوە جیا بووەوە و خۆی لە نوری مالکی نزیککردەوە کرد کە پشتیوانیی موقتەدا سەدری هەبوو. ساڵی 2009، عەبدولعەزیز حەکیم بەهۆی سەرەتانەوە کۆچی دوایی کرد و نەمانی ئەویش وەك کوڕی ئایەتوڵڵا موحسن حەکیم، گڕی لە پڵیتەی ناکۆکییەکانی نێوان بەشێك لە سەرکردەکانی ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی و عەممار حەکیم بەردا. ئەو ناکۆکییانەش هەتاوەکوو جیابوونەوەی عەممار حەکیم و دامەزراندنی رێکخراێکی دیکە بە ناوی رەوتی حیکمە بەردەوام بوو. دواتر حەکیم لە ساڵی2021 لەگەڵ حەیدەرعەبادی کە سەرکردایەتی باڵێکی نارازیی لە نوری مالکی  لە حیزبی دەعوە دەکرد، بە لیستی هاوبەش بەشداری هەڵبژاردنی کرد کە هەردووکیان خوازیاری پەرەپێدانی پەیوەندی زیاتر لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی و جیهانی دەرەوە بوون. هەڵبەت ئەنجامی هەڵبژاردن بۆ حەکیم-عەبادی  کە تەنیا 4 کورسییان هێنا مەترسی سڕانەوەی لە سیاسەتی عێراق دروستکرد. بێجگە لەوە، بەهێزبوونی موقتەدا سەدر کە لە قۆناخی دوای 2018وە سیاسەتی نزیکبوونەوە لە گرووپە پرۆ-ئێرانییەکانی گۆڕی و رووی لە گەشەپێدانی پەیوەندییەکی زیاتر لەگەڵ خۆپیشاندەران و ئایەتوڵڵا سیستانی کردبوو، مەترسییەکی دیکە بوو لەسەر رۆڵی بنەماڵەی حەکیم لە سیاسەتی عێراق. بۆیە عەممار حەکیم لە نێو چوارچێوەی هاوئاهەنگی شیعەدا کە رکابەری سەدر بوو، بەشداریکرد. ئەمەش سەرەڕای ئەوەی کە گوتبووی بەشداری لە کابینەی نوێی حکومەت دا ناکات.

گرووپە پرۆ- ئێرانییەکانیش لەڕێی بردنی ڕێورەسمە مەزهەبییەکانی چلەی ماتەمینی حسێنی بۆ بارەگاکانی حەکیم لە ساڵی 2022، ڕۆڵی ئایینی بنەماڵەی حەکیمیان لەبەرامبەر موقتەدادا سەدر بەرجەستە کردەوە. ئەمەش چەندەی مەراسیمێکی مەزهەبی بێت، ئەوەندەش نیشانەی گۆڕانی هاوپەیمانی و ڕکابەرییەکی بەهێزی نێوخۆیی شیعە بوو.

هەرلەدوای 2003وە چەندین هەواڵ سەبارەت بە گەمارۆدرانی ماڵی ئایەتوڵڵا سیستانی لە نەجەف لە لایەن لایەنگرانی ڕەوتی سەدر بڵاوکرایەوە  کە دواتر ڕەتکرایەوە. هەڵبەت لە دوای مردنی ئایەتوڵڵا ئەبولقاسم ئەلخوئی لە ساڵی 1992 کە ڕەخنەی لە  نەریتی تێکەڵاوبوونی پیاوانی ئایینی لە سیاسەت دەگرت کە محەمەد باقری سەدر و سەدری دووەم بەرگرییان لێدەکرد، سیستانی پێگەیەکی بەهێزی لە جیهانی شیعیدا پەیداکردبوو. ئەو یەکێک لەو نموونە دەگمەنانە بوو کە مۆڵەتی نوسراوی ئایەتوڵڵا خۆئی بۆ ئیمامەت وەرگرتبوو، بۆیە ئەستەم بوو کە سەدر بتوانێت ئەو لە سیاسەتی عێراق بسڕێتەوە، بە تایبەتی کە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا پەسەندکراویش بوو. هەر لە ساڵی 2003دا عەبدولمەجید خوئی کوڕی ئایەتوڵڵا خوئی لە نەجەف کوژرا بەڵام، سیستانی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ وەک بەهێزترین کەسایەتی سیاسی عێراقی لێدەهات، لە کاتێکدا کە موقتەدا سەدریش کە باوکی لەلایەن ڕژێمی پێشووی عێراقەوە لە سێدارە درابوو، خوازیاری ڕۆڵی زیاتر بوو. ڕاگەیاندنی شەڕی دژی وەهابییەت لە لایەن سەدرەوە چەندەی ڕکابەرییەکی نێوان سوننە و شیعە بووبێت، ئەوەندەش ڕکابەریکردن لەگەڵ سیستانی و حەکیم بوو کە پێگەییکی بەهێزی ئایینی و سیاسییان دەستەبەر کردبوو.

سەدر دەویست وەک پاڵەوانی بەرگریکار لە شیعە و کەسێکی دژە "داگیرکەر" دەرکەوێت. سەرەڕای پەیوەندییەکی بەهێز لە گەڵ ئێران، سەدر گۆتاری ناسیۆنالیستیشی برەو پێدەدا. لەوانەیە بەشێکی ئەمەش پەیوەندی بەو رکابەرییەوە هەبێت کە لەگەڵ سیستانی و حەکیم هەیبوو. زۆربەی مەرجەعە باڵاکانی عێراق لە مێژووی نزیکدا کە بە دوای یەک ئەو پلە و پایە دینییەیان وەرگرتوە، بە رەچەڵەك ئێرانی بوون، بۆیە زیندوو راگرتنی هەستی ناسیۆنالیستی بابەتێکە کە لەوانەیە لە رکابەریی نێوخۆیی شیعەدا بە کەڵکی سەدر بێت. تەنانەت ئەو کاتەی کە ئایەتوڵڵا کازمی حائری لە گەرمەی ناکۆکییەکانی سەدر و چوارچێوەی هاوئاهەنگیدا رەخنەی توندی لە موقتەدا سەدر گرت و داوای لە لایەنگرانی کرد کە مەرجەعییەتی خامنەیی قبوڵ بکەن، سەدر لە وەڵامدا جەختی لەوە کردەوە کە نەجەف مەرجەعە و لەوەشدا ناوی سیستانی نەهێنا، هەرچەند کە بۆ راگرتنی باڵانسی هێزداری، پەیوەندییەکانی خۆی لە گەڵ سیستانی باشتر کردبوو. سەدر بە تایبەت لە دوای 2018وە، کاتێک رێی خۆی لە گرووپە پرۆ- ئێرانییەکان جیاکردەوە، بابەتی عێراقیبوونی وەک کەرەستەیەکی بەهێز لە دژی ئێران و گرووپەکانی لایەنگری بەکارهێنا. لەم ساڵانی دواییدا، سەدر چەندین جار"گرووپەکانی مقاوەمە"ی بە گرووپی"مقاوەلە" ناوبردوە وەک ئاماژەیەك بەوەی کە کار بۆ ئێران دەکەن و دژایەتی دەستوەردانی ئێرانی لە عێراق کردووە.

گومانی تێدا نییە کە هەریەک لە عەلی سیستانی وەک مەرجەعی باڵای حەوزەی نەجەف و عەلی خامنەیی رابەری ئێران لە کاریگەرترین سەرکردە دینی-سیاسییەکانی شیعەن. رکابەرییەکی ناڕاستەوخۆ لە نێوان ئەو دووانەشدا یەکێک لە گرنگترین ناکۆکییە نێوخۆییەکانی شیعەیە کە هەر سێ رەهەندی ئایینی-سیاسی، ئەمنی و ئابووری هەیە. بەر لە هەموو شتێک، سیستانی وەک شاگردی ئایەتوڵڵا ئەبولقاسم خوئی کە ویلایەتی سیاسی پیاوانی ئایینی بە بیدعە دەزانی، لەگەڵ سیستەمی کۆماری ئیسلامیدا سەبارەت بە ویلایەتی فەقێ ناکۆکە. سیستانی سەر بە رەوتێکی فیکری شیعەیە کە دەسەڵاتداری، تەنیا بە مافی پێغەمبەر و ئیمامەکان دەزانێت. لە کاتێکدا کە قوتابخانەی فیکری کۆماری ئیسلامی لەسەر بنەمای ویلاتی فەقێ بنیات نراوە. خاڵێکی رکابەری نێوان هەردولا لەسەر ئەوەیە کە کام لایەن بتوانێت دامەزراوە شیعییەکان کۆنترۆڵ بکات. لەعێراق، قوتابخانە دینییەکان و بەڕێوەبەرایەتی مەزارگە پیرۆزەکان(عەتەبات) لە گرنگترین دامەزراوە ئایینەکانن. بەڕێوەبەرایەتی عەتەبات سەر بە دەوڵەتە و هاوشێوەی مەزارگەی ئیمام رەزا لە مەشهەدی ئێران، چەندین کۆمپانیا، نەخۆشخانە و دامەزراوەی جۆراوجۆری دیکەی داناوە. لە ساڵی 2022شدا دوای هاتنە سەرکاری سوودانی، حەشدی شەعبی کومپانیایەکی بە ناوی موهەندیس دانا کە بە هۆی باڵادەستی گرووپەکانی نزیک لە ئێران لە دامەزراوەی حەشدی شەعبی، دوورنییە ببێتە بەشێک لە رکابەری ئابووری نێوان خامنەیی و سیستانی لە عێراق.

هاوشێوەی ئێران کە لە دوای شەڕی داعشەوە رووی لە بەهێزکردنی گرووپی چەکداری وەفاداری خۆی کرد، ئیدارەی هەرچوار مەزارگە پیرۆزەکانی شیعەش، هەر یەکەو لیوایەکیان دامەزراند، کە سەرەڕای بانگەشەکان بۆ تێکەڵاوبوون بە هێزە ئەمنییەکانی عێراق، هێشتا رێکخستنی تایبەت بە خۆیان ماوە و بگرە لە دوای شەڕی داعش، کۆنفرانسی تایبەت بە خۆیشیان ساز کردووە.

لەوانەیە هۆکارێکی سەرەکی ئەمەش ئەوە بووبێت کە گرووپە پرۆ-ئێرانییەکانی ناو حەشدی شەعبی زیاتر ویستوویانە وەک نموونەی سوپای پاسدارانی ئێران، وەک دامەزراوەیەکی هاوتەریبی سوپا و پۆلیس بمێننەوە. بە هۆی ئەو بەخششانەی کە زیارەتکاران  لە چوارچێوەی زەکات و خومس دەیدەن. هەروەها، بەهۆی ئەو یارمەتییانەی کە لە دەوڵەت وەریدەگرن ئەویش لەبەرئەوەی وەک دامەزراوەیەکی رەسمی لە ساڵی 2005 یاسای بۆ دەرکراوە، عەتەبات دامەزراوەیەکی گرنگی ئابووری، ئایینی - سیاسی و سەربازییە و پێگەی ئەوانەش کاریگەری لەسەر رکابەرییە ناوخۆییەکانی شیعە دادەنێت. هەرچەندە دانانی هەر بەڕێوەبەرێک بۆ عەتەبەکان پێویستی بە رەزامەندی ئایەتوڵڵا سیستانی وەک مەرجەعی باڵای نەجەف هەیە، بەڵام کۆنترۆڵی دامەزراوەکانی دەوڵەت و حکومەت، دەتوانێت دەرفەت بۆ گرووپەکانی رکابەری سیستانیش بڕەخسێنێت کە لە سەر ئەو دامەزراوە ئایینیانە قسەیان هەبێت.عەلی خامنەیی لە 2003وە تاوەکو ئێستا لانیکەم 100 قوتابخانەی دینی سەر بە خۆی لە عێراق داناوە و لە هەریەکی لە شوێنەکانی وەک نەجەف، کەربەلا، سامەرا و کازمییە کە مەزارگە پیرۆزەکانی لێیە، نوێنەری هەیە. ئەمەش لە کاتێکدایە کە سیستانیش لە تەواوی عێراق 600 نوێنەری هەیە و لە قوم و لوبنانیش نوسینگەی هەیە، و نێوانی لەگەڵ پیاوانی ئایینی نەریتی و بگرە ریفۆرمیستەکانی ئێرانیش باشە. سیستانی لە ماوەی رابردوو دیداری لەگەڵ کەسایەتی سیاسی جۆراجۆر کردووە و لەگەڵ کەسانی وەک رەفسەنجانی و روحانی دیداری  کردووە بەڵام،"خۆی دوور گرتوە لەوەی کە لەگەڵ کاربەدەستە موحافزەکارەکانی ئێران وەک ئەحمەدی نەژاد، شاهروودی و ئیبراهیم رەئیسی دیدار بکات کە لە خامنەیی نزیکن" یان نزیکبوون و سەردانی عێراقیان کردبوو. ئەحمەد جەنەتی ئیمامی جومعەی تاران لە ساڵی 1994، سیستانی وەک کارمەندی دەوڵەتی بەریتانیا ناوبردبوو. سیستانیش لە ساڵی 2004 لەکاتی گەڕانەوەی لە گەشتێکی بەریتانیا بۆ تەندروستی، چوو بووە لوبنان، بەڵام رێگەی نەدابوو حەسەن نەسروڵڵای سەرۆکی حیزبوڵڵا پێشوازی لێبکات.

لە دوای رووخانی رژێمی بەعس، ئێران زیاتر سیاسەتی رێککەوتن و سازانی لە گەڵ سیستانی گرتەبەر و لەوانەیە هۆکارەکەی ئەمەش زیاتر سیاسی بووبێت. ئیدارەی بوش، ئێرانی لە گەڵ عێراق و کۆریای باکووور وەک وڵاتانی میحوەری شەڕ ناوبردبوو، بۆیە نیگەرانی ئێران لە ئەگەری هێرش یان گوشاری ئەمریکا، فاکتەرێکی گرنگ بوو لەوەی کە خامنەیی لە ساڵانی سەرەتای دوای سەدام، رکابەرییەکی بەهێزی سیستانی نەکات. بەڵام لە دوای شەڕی داعش ستراتیژی سەرەکی ئێران بۆ کاریگەری دانان لەسەر سیاسەتی شیعی رەهەندێکی ئەمنی وەرگرت و قاسم سولەیمانی فەرماندەی پێشووی سوپای قودس وەک فیگەری سەرەکیی سیاسەتی ئێران لە عێراق دەرکەوت و لە ئەنجامی ئەوەشدا، گرووپە چەکدارییەکانی شیعە و گرووپەکانی "بەرگری" گەشەی زیاتریان کرد.

# لاوازی مەرجەعییەت و هەڵکشانی ناکۆکییە نێوخۆییەکانی شیعە

لەدوای 2018وە نیشانەکانی لاوازی دەسەڵاتی مەرجەعییەتی دینی شیعە زیاتر دەرکەوتن، ئەویش دوای ئەوەی کە عەلی سیستانی و عەلی خامنەیی سەردەمێکی زێڕینی دەسەڵاتداری خۆیان تاقیکردبووەوە. فاکتەرەکانی وەک دەرکەوتنی نارەزایی نێوخۆیی و زیادبوونی رکابەرە نێوخۆییەکانی نوخبەی دەسەڵاتدار، هۆکاری سەرەکی ئەو لاوازییە بوون.

تاوەکو بەر لە 2018 لە دیاریکردنی سەرۆکوەزیرەکانی عێراق ئایەتوڵڵا سیستانی فاکتەرێکی یەکلاکەرەوە بوو. هەر ئەو بوو کە رێی لە ویلایەتی سێیەمی مالکی گرت و بگرە پێشتریش رۆڵی لە دروستکردنی لیستی هاوبەشی شیعەکان بۆ هەڵبژاردن هەبوو وەک ئەوەی لە 2005 کردی. هەڵبەت لە دیاریکرانی کازمی و سودانیدا ئەو رۆڵەی نەبوو. سەرەڕای ئەوەی کە لە گەرمەی ناکۆکییەکانی سەدرو چوارچێوەی هاوئاهەنگیدا، چەندین جار داوی لێکرابوو کە ناوبژیوانی بکات بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، بەڵام تاوەکوو ئەو کاتەی کە مەترسی پێکدادانی سەربازی نێوان هەردوولا لە مانگی 8ی 2022دا زیادی نەکرد، دەستوەردانی نەکرد و هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە سیستانی لە چەند ئەزموونێکی پێشتردا بۆی دەرکەوتبوو کە وەک جاران گوێی لێناگیرێت. ئەو لە 2018 داوی لە خەڵک کردبوو کە بەشداری لە هەڵبژاردن بکەن بەڵام سەرەڕای ئەوەش، هەم لەو هەڵبژاردنە و هەمیش لە هەڵبژاردنی دوای ئەوەش، ژمارەیەکی کەمتر لە 40%ی خەڵک بە تایبەت لە پارێزگاکانی باشووری عێراق بەشداری هەڵبژاردنیان کردبوو. ئەو داوای هێمنی لە خۆپیشاندانەکانی تشرینی 2019 کردبوو، هەروەها داوای کردبوو کە خۆپیشاندەران نەکوژرێن بەڵام نە خۆپیشاندەران و نە حکومەتیش، کەسیان گوێیان لە داواکەی نەگرت. دەرکەوتنی خۆپیشاندانی تشرینییەکان لە دژی ئەو سیستەمە سیاسییەی کە لە دوای 2003 وە ئایەتوڵڵا سیستانی یەکێک لە ئەندازیارەکانی بوو. هەروەها، بەهێزبوونی پێگەی سەدر لە هەردوو هەڵبژاردنی 2018 و 2021، لەگەڵ بەهێزبوونی سەربازییانەی گرووپەکانی نزیک لە ئێران و خواستی تاران بۆ نفوزی زیاتر لە عێراق، پێگەی سیستانییان لاواز کردبوو.

بەهەمان شێوە، دەسەڵاتی عەلی خامنەییش لە ئێران لانیکەم لە دوای 2009 وە توشی تەگەرەی گەورە بووە. سەرەتا تەگەرەی باڵی ریفۆرمیستەکان و دواتریش ئەو تەگەرەیەی کە لایەنی موحافزەکارەکانی وەک رەفسەنجانی، رۆحانی و تەنانەت ئەحمەدی نەژاد بۆی دروستکرا، ناکۆکێکانی نێوان نوخبەی دەسەڵاتداری ئێرانی بردە قۆناخێکی دیکە. هەروەها، هاوشێوەی نارەزاییەکانی تشرینییەکان لە عێراق، لە ماوەی 5 ساڵی رابردوودا هەموو ساڵێک خۆپیشاندان لەدژی حکومەت لە ئێران کراوە کە ساڵ بە ساڵ قەبارە و جوگرافییەکەی گەورەتر و فراوانتر بووە. هەڵبەت سەرەڕای ئەو لاوازییەی کە لە ئاستی نێوخۆییدا توشی بوو، یەکێک لە گەورەترین هۆکارەکانی لاوازی ئێران لە عێراق، دەرکەوتنی خۆپیشاندانەکانی تشرین بوو کە تێیدا چەندین جار کۆنسوڵخانەکانی لە باشووری عێراق سووتێندران و دیدگایەکی دژی دەستوەردانی ئێرانی دەرخست کە دواتر لەلایەن موقتەدا سەدریشەوە پەرەی پێدرا. خواستی وڵاتانی عەرەبی و کەنداو بۆ رۆڵگێڕانی زیاتر لە عێراق، هاتنی ترەمپ و کشانەوەی ئەمریکا لە رێککەتننامەی ئەتۆمی و گەمارۆی نوێی ئەمریکا، دەرفەت و توانای ئابووری ئێرانی بۆ چالاکییە ناوچەییەکان کەمکردەوە. ئەو ئێرانەی کە جاران یارمەتی دارایی گرووپە شیعییەکانی دەدا، لەم قۆناخەدا پێویستی بە عێراق بوو وەک بازاڕ و دەرچەیەک بۆ خۆپاراستن لە گەمارۆکانی ئەمریکا. ئەمەش بیەوێت یاخود نەیەوێت کاریگەری ئەو وڵاتەی لە عێراق کەمکردەوە. بۆ نموونە، لەوانەیە بێدەنگیی درێژخایەنی ئێران لە رکابەریی سەدر و چوارچێوەی هاوئاهەنگی، یان پاراستنی پەیوەندیی لەگەڵ کازمی، سەرەڕای نارەزایی گرووپەکانی لایەنگری خۆی، لەو پێویستیە ئابوورییەوە سەرچاوەی گرتبێت کە بە بێ رەزامەندی حکومەت و سەدر بۆی مەیسەر نەدەبوو. وەک نموونەی گرێبەستەکانی کڕینی گازی سروشتی و کارەبا یان بابەتی پێدانەوەی قەرزەکانی ئێران کە کابینەی کازمی کارئاسانی بۆ کردبوون. . لە لایەکی دیکەوە، کوژرانی قاسم سولەیمانی فەرماندەی سوپای قودس و ئەبومەهدی موهەندیس لە ساڵی 2020 کە وەک بازووی ستراتیژییەتی کاریگەری لەرێ تۆڕی گرووپە پرۆکسییەکانەوە بوون، خاڵێکی دیکە بوو کە پێگەی خامنەیی لە عێراق لاوازکرد.

سەردانە بەردەوامەکانی فەرماندەی نوێی سوپای قودس بۆ رازیکردنی موقتەدا سەدر بۆ رێککەوتن لەگەڵ چوارچێوەی هاوئاهەنگی بێ ئەنجام بوون. تەنانەت نامەی دەستلەکارکێشانەوەی ئایەتوڵڵا کازمی حائریش وەک مەرجەعی پێشووی سەدرییەکان کە رەخنەی توندی لە سەدر گرتبوو، نەیتوانی سەدر رازی بکات. بەڵام داوایەکی سیستانی لە دوای دەرکەوتنی گرژییەکانی مانگی 8ی ئەمساڵ سەبارەت بەوەی کە "چاکسازی لە دەرەوەی حکومەت ناکرێت" لەگەڵ دەرکەوتنی خوپیشاندانەکانی ژینا دوو هۆکاری گرنگ بوون کە سەدر رێگا بە چوارچێوەی هاوئاهەنگی بدات تاوەکو حکومەت پێکەوە بنێت. بنەماڵەی سەدر بەشێوەی نەریتی لایەنگری حکومەتی پیاوانی ئاینین و ئەگەری رووخانی حکومەتی ئیسلامی لە ئێران دەتوانێت کاریگەری لەسەر عێراقیش دابنێت. هەربۆیە دوای فراوانبوونی خۆپیشاندانەکان، لایەنگرانی سەدر لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وازیان لە پاڵپشتی خۆپیشاندەران هێنا کە بە شۆڕشگێڕ ناویان دەبردن و خودی سەدریش هۆشداری دا لە گەشەکردنی رەوتی دژایەتی پیاوانی ئایینی لە عێراق هاوشێوەی ئەوەی لە ئێران روویدا.

هۆکارێکی دیکەی لاوازی پێگەی خامنەیی و سیستانی بابەتی تەمەن و تەندروستییە کە لەم ساڵانەی دواییدا زۆرتر باسدەکرێن. خامنەیی تەمەنی 83 ساڵە و چەند جارێکە باسی نەخۆشییەکەی لە میدیاکاندا دەکرێت. سیستانی تەمەنی92 ساڵە و چەند ساڵێکە بابەتی شوێنگرەوەی هەردووکیان لە رۆژەڤدایە.

رکابەری لەسەر دەسەڵات شتێکی سروشتییە و شیعەکانی عێراقیش وەک گەورەترین پێکهاتەی ئەم وڵاتە کە 60٪ی نفوسەکەی پێکدەهێنن، لەدوای 2003وە دەرفەتی زیادکردنی دەسەڵاتی خۆیان بۆ رەخسا و لەگەڵ ئەوەشدا رکابەریی ناوخۆیی لەسەر دەسەڵات گەشەیکرد. تەنیا لە ماوەی دوو دەیەی دوای رووخانی رژێمی بەعسدا، لانیکەم 5 دابەشبوونی گەورە لە نێو سێ لایەنی سەرەکی سیاسی شیعی لە عێراق، واتا حیزبی دەعوە، ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی و رەوتی سەدر روویداوە.

هۆکارێکی دیکەی لاوازی پێگەی خامنەیی و سیستانی بابەتی تەمەن و تەندروستییە کە لەم ساڵانەی دواییدا زۆرتر باسدەکرێن. خامنەیی تەمەنی 83 ساڵە و چەند جارێکە باسی نەخۆشییەکەی لە میدیاکاندا دەکرێت. سیستانی تەمەنی92 ساڵە و چەند ساڵێکە بابەتی شوێنگرەوەی هەردووکیان لە رۆژەڤدایە.
رکابەری لەسەر دەسەڵات شتێکی سروشتییە و شیعەکانی عێراقیش وەک گەورەترین پێکهاتەی ئەم وڵاتە کە 60٪ن نفوسەکەی پێکدەهێنن، لەدوای 2003وە دەرفەتی زیادکردنی دەسەڵاتی خۆیان بۆ رەخسا و لەگەڵ ئەوەشدا رکابەریی ناوخۆیی لەسەر دەسەڵات گەشەیکرد. تەنیا لە ماوەی دوو دەیەی دوای رووخانی رژێمی بەعسدا، لانیکەم 5 دابەشبوونی گەورە لە نێو سێ لایەنی سەرەکی سیاسی شیعی لە عێراق، واتا حیزبی دەعوە، ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی و رەوتی سەدر روویداوە.

## خشتەی 1: جیابوونەوە و لیکترازانی نیو حزبە شیعییەکان لە عێراق

| لایەنی جیابووەوە | حیزب | ساڵ |
| --- | --- | --- |
| عەسائیبی ئەهلی هەق | سەدر- سوپای مەهدی | 2006 |
| ڕێکخراوی بەدر | ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی عێراق | 2007 و دابڕانی کۆتایی 2012 |
| چاکسازی نیشتمانی- جەعفەری | حیزبی دەعوە | 2008 |
| ڕەوتی حیکمە | ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی عێراق | 2017 |
| لیستی نەسر- عەبادی | حیزبی دەعوە | 2018 |

لە تەنیشت ئەوانەشدا چەندین دابەشبوونی بچووکی دیکەش ڕوویانداوە و ئەوەش بەرزیی ئاستی ڕکابەرییە سیاسییەکانی ناوخۆی شیعە دەردەخات. لەو کاتانەدا کە پێگەی سیستانی و خامنەیی لە ئێستا بەهێزتر بوو، ناکۆکی نێوخۆیی شیعەکانی عێراق، جگە لە چەند نمونەیەکی سنووردار لە ساڵی 2003نەبێت، زیاتر لە چواچێوەی گۆڕانی هاوپەیمانی و ڕکابەرییەکان بوو. بەڵام لە دوای شەڕی داعش، بە تایبەت لە دوای 2018 وە ئەو ناکۆکی و گرژییانە زیاتر ئەمنی بوون و توندوتیژی زیاتری تێکەوت. خۆپیشاندانەکانی تشرین بە شێوەیەکی خوێناوی سەرکوتکران و بە پێی ئامارەکان لانیکەم 319 کوژراو و 15 هەزار بریندار لێکەوتەوە. یاخیبوونی گرووپە چەکدارییەکانی شیعە لە حکومەت گەیشتە ئاستی هێرشکردنە سەر ماڵی سەرۆکوەزیران و هێرشی بەردەوام بۆ سەر کاروانی لۆجستیکی هێزی هاوپەیمانان و بنکە سەربازییەکان و هەرێمی کوردستان. هەروەها، پێکدادان لە نێوان ڕەوتی سەدر و عەسایبی ئەهلی حەق لە میسان و بەسرە زۆرتربوون و پێکدادانی لایەنگرانی سەدر و چوارچێوەی هاوئاهەنگی لە 2022، ژمارەی 22 قوربانیی لێکەوتەوە.

# کۆتایی

دەکرێ گەلێك هۆکاری جیاجیای سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری لە پشت ناکۆکیی نێوان لایەنە شیعییەکانەوە بێت بەڵام خاڵێکی هاوبەش هەیە کە دەتوانێت هەموو ئەو ڕەهەندانەش لە خۆ بگرێت؛ ئەویش ڕکابەری لەسەر دەسەڵاتی (ئۆتۆریتە) دینییە کە توانیویەتی ئاراستە بەو ململانێ و گرژییانە بدات. دەسەڵاتی دینی شیعی، تەنیا بابەتیکی ئایینی نییە کە دووربێت لە سیاسەت و باسەکانی پەیوەست بە دەسەڵات. بەڵکو فۆرمێکی دەسەڵاتە کە دەتوانێت گەلێك ڕەهەندی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵاتیشی هەبێت و، ئەزموونی مێژوویی دەریخستووە کە هەرکاتێک دەرفەتی بۆ ڕەخسابێت بە ئاسانی بەسیاسی بووە.

بە شێوەیەکی گشتی، سروشتی ململانێی هێزە شیعییەکان دوو ڕەهەندی ئایینی و ماددی هەیە. لەلایەک لە سەر زاڵکردنی دیدگای دینی و بابەتی مەرجەعییەتی دینی لە ڕکابەریدان و لەلاکەی دیکەش، لەسەر دەسکەوتی سیاسی و ماددی لە کێشمەکێش دان کە مەرجەعییەت لەوەشدا ڕۆڵێکی کارای هەیە. گۆڕانی سیستەمی سیاسی عێراق لە 2003 و هاتنی سیستەمێکی دیموکراتی ئەو دەرفەتەی بۆ شیعەکان ڕەخساند تا لەسەر بنەمای زۆریی هەژموون، بتوانن وەك کاریگەرترین هێزی سیاسی لە عێراق دەرکەون و ڕۆژبەرۆژ ئەو کاریگەرییەش زیاتر بکەن. ئەکتەرە سیاسییە دیارەکانی شیعە لە عێراق، باکگراوندێکی ئیسلامییان هەیە و بێجگە لە ڕەوتی تشرینییەکان کە دەکرێ وەك ڕەوتێکی مەدەنی نوێ ناوزەد بکرێن، ئەوانی دیکە، ڕاستەوخۆ کاریگەری دەسەڵاتی ئایینی بەسەریانەوە هەیە. دەسەڵاتی دینی واتای هەبوونی توانای ئاراستەپێدانی گۆڕانکارییە ستراتیژییەکانی وڵات دەدات.

بۆیە، لێرەوەیە کە گۆڕانکارییەکان لە پێگەی دەسەڵاتی دینی و بە دیاریکراوی پێگەی هەریەک لە عەلی سیستانی(حەوزەی نەجەف) وعەلی خامنەیی (حەوزەی قوم) دەتوانێت ئاراستە بە جۆری ململانێی ئەو هێزانەش بدات. یەکیان مەرجەعییەتێکە کە لە چەند دەیەی رابردوودا وەک ئەکتەرێکی نادەوڵەتی ئاراستەی بە سیاسەتی عێراق داوە و ئەوی دیکەشیان، نوێنەرایەتی ئەکتەرێکی دینی - دەوڵەتی دەکات کە هەوڵی زیادکردنی کاریگەری خۆی لە عێراق دەدات.

لەکۆتاییدا، وەک لەڕێی نموونە و هۆکارە جیاوازەکانەوە پیشاندرا، دەسەڵاتی ئایینی- سیاسی هەریەک لە عەلی سیستانی و عەلی خامنەیی لەو ساڵانەی دواییدا بە هۆکاری زیادبوونی رکابەریی ناخۆیی، هۆکاری تەمەن، ململانێی جیۆ-سیاسی دەوڵەتان لە عێراق کەمیکردووە و ئەمەش وەک هۆکارێکی گرنگ کاریگەری لەسەر ململانێ ناخویی نوخبەی شیعە لە عێراق داناوە.